


# کۆیلایەتی وەك ئەوەی بۆ منداڵەکانمانی دەگێڕینەوە

و: هەورامان وریا قانع

"جۆزێف ندیای" هەموو هەوڵی خۆی تەرخانکردووە بۆ گەڕان بەدوای ریشەی کۆیلایەتیو بازرگانیکردن بە کۆیلەوە، کە هاوڕەگەزە ئەفریقییەکانی وەك خۆی بە درێژایی چەندین سەدە قوربانییانی یەکەمی بوون. دانەر بەڕێوەبەری مۆزەخانەی (ماڵی کۆیلە)یە لە دورگەی (گۆری)، ئەم دورگەیە دەکەوێتە بەرامبەر (داکار)ی پایتەختی سەنیگال. "جۆزیف ندیای" چەندین کۆڕو سیمیناری بەستووە یان تێیدا بەشداربووە کە هەموویان قسەوباسیان لە بابەتی (تراژیدیای کۆیلایەتی) کردووە.

ئەم کتێبە ئاراستەی نەوە تازەکان کراوە، واتە نەوەکانی داهاتوو، ئەو نەوانەی رەنگە ئەو حەقیقەتە نەزانن کە بەسەر ملیۆنان ئەفریقیدا هاتووە، هەر لە بەندکردنیان پاشان فرۆشتنیان وەك ئاژەڵ لە بازاڕەکاندا. ئەو ملیۆنەها ژن‌و منداڵ‌و پیاوانەی لەناو کەشتییەکاندا کەڵەکە دەکران‌و بەرەو ئەمریکاو دورگەکانی ئەنتیل رەوانە دەکران. لەوێ وەك هێزی کاری خۆڕایی یان نیوەخۆڕایی لە کێڵگەکانی شەکر یان لۆکە یاخود توتن یان قاوە خزمەتیان دەکرد، هەموو ئەوەش لەژێر هەڕەشەی لێدان‌و کوشتندا بەئەنجام دەگەیەنرا، مردنیش چاوەڕوانی هەموو ئەوانەی دەکرد کە بیریان لە راکردن دەکردەوە. ئەو کۆیلایەتییە توندترین‌و قوڵترین شێوەی کۆیلایەتی بوو کە سەردەمی کۆن بەخۆیەوە بینیوە. کۆیلە رەشەکان وەك ئەوەی (مرۆڤ نەبن) تەماشا دەکران. بازرگانیکردن بە کۆیلەوە بە درێژایی سێ سەدە بەردەوام بوو.

گەر دانەری ئەم کتێبە کە سەنگالییەو دەیەوێ چیرۆکی کۆیلایەتی بۆ نەوە تازەکانی ئەفریقا بگێڕێتەوە، ئەوا بەبێ رق‌وکینە ئەو کارە دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو نەوانە مێژووی خۆیان بزانن، بەڵام ئەم کتێبە تەنها بۆ ئەو نەوانەی ئەفریقا نەنوسراوە، بەڵکو دانەر دەیەوێ لەڕێگەی ئەم کتێبەوە ئەو چیرۆکە مەرگئامێزانە بگاتە گوێی هەموو مرۆڤایەتی، بە دیاریکراویش لە روانگەی بنیاتنانی دواڕۆژەوە. دانەر دەڵێ: (لە هەموو کیشوەرە جیاوازەکانی جیهاندا یادەوەری پێویستە، چونکە بەبێ بوونی یادەوەری ئاییندە بنیاتنانرێ. هیچ شتێ لەسەر لەبیرچوونەوەو بێدەنگی بنیاتنانرێ).

پێشەکیی ئەم کتێبە لەلایەن "کوا شیرۆ ماشورا"وە نووسراوە کە بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی یۆنسکۆیە لە پاریس، "کوا شیرۆ" لەو پێشەکیەدا قسەوباس لە (بازرگانیکردنێکی شەرمەزار بە مرۆڤەوە) دەکات، لەگەڵ هەموو ئەو پرۆسەی کوشتن‌و لاقەکردن‌و ئازاردان‌و کارە دزێوانەی دیکە کە لەگەڵ ئەو جۆرە بازرگانیکردنەدا دێنەئاراوە. ئەو جۆرە بازرگانیکردنە نامرۆڤانەیە تاکو هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەردەوامبوو. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی، کە ساڵی 2001 لە باشووری ئەفریقیا دژ بە رەگەزپەرستی بەسترا، رایگەیاند بازرگانیکردن بە کۆیلەو کۆیلایەتی وەك تاوانی جەنگ وایە.

دانەری کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەکات کە دورگەی (گۆری) وەك ناوەندێکی بەناوبانگی کۆکردنەوەی بازرگانیی کۆیلە دەمێنێتەوە، کە پیاوە سپییە ئەوروپییەکان، ئەوانەیان بازرگانییان بە کۆیلەوە دەکرد، ئەو ناوەندەیان لەسەر کەنارەکانی رۆژئاوای کیشوەری ئەفریقا کردبووەوە. لەم دورگە بچوکەدا مۆزەخانەی (خانووی کۆیلە) لە ساڵی 1776دا دروستکرا، بۆ ئەوەی وەك جێگایەك کە (یادەوەریی تێدا دەژی) تاکو ئێستا بمێنێتەوە. "بیل کلینتۆن"و "پاپا یۆحەنا پۆلسی دووەم" سەردانی ئەم مۆزەخانەیەیان کرد، پاپا سەبارەت بە هەڵوێستی کڵێسا لەو سەردەمەدا، دەربارەی بازرگانیکردن بە کۆیلەوە، داوای لێبوردنی کرد.

دانەر دەڵێ: (لەو سەردەمەدا کڵێسا رێگەیدا، بگرە کڵێسا بەجۆرێك لە جۆرەکان پێداگریی کرد لەسەر ئەو بازرگانیکردنە ئابڕووبەرەیە، لەوەش خراپتر، راهیبە ئایینییەکان سوودێکی تەواویان لەو سیستمی کۆیلایەتییە بینیبوو، بۆ نموونە لە (مارتینیك) زیاد لە 500 کۆیلە ئیشیان لە کارگەیەکی شەکردا دەکرد کە موڵکییەتەکەی بۆ راهیبەکانی دۆمەنیکان دەگەڕایەوە. لە (گوایانا)راهیبەکانی

برایانی مەسیحی خاوەنی چەندین کێڵگەی قامیشی شەکرو کاکاو بوون، لەو کێڵگانەدا 900 کۆیلە کاریان دەکرد. لێرەوەیە پاپا لەو سەردانەیدا دەیزانی لەبەرچی لەسەریەتی داوای لێبوردن بکات.

دانەر لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا قسەوباس لەوە دەکات دورگەی (گۆری) پێش ئەوەی سپیپێستەکانی بگاتێ، پێیان دەگوت (بیر) واتە سك، ئەوەش لەبەر شێوە بازنەییەکەی لەسەر رووبار. سپیپێستە پورتوگالییەکان ساڵی 1443 گەیشتنە دورگەکە. دانیشتوانی دورگەکە سەرەتا مژدەی خێرو خۆشییان لێ چاوەڕوان دەکردن، بەڵام لە واقیعدا ئەوان بەشوێن کۆیلەدا دەگەڕان. دوای چەند مانگێ لە باشووری پورتوگال یەکەمین پرۆسەی فرۆشتنی 240 کۆیلەی ئەفریقی بە چەند کڕیارێکی دەوڵەمەند ئەنجامدرا.

دانەر لە بەڵگەنامەیەکدا کە لەو پرۆسەی فرۆشتنەدا نووسراوەتەوەو پارێزراوە، ئەمەی خوارەوە وەك تراژیدیایەك دەگێڕێتەوە، کە هەموو ئەفریقا لەو سەردەمەدا بەخۆیەوە بینیوە. لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە: (کۆیلەکان کاتێ تەماشای یەکتریان دەکرد، فرمێسك رومەتیانی شۆردبووەوە، هەندێکیان بە حەسرەت و ئێش‌و ئازارەوە دەیانناڵاندو چاویان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوەو لە ئاسمان رادەمان‌و بە هەموو توانایان دەیانقیڕاند. منداڵانیان لە خێزانەکەی‌و ژنیان لە مێردەکانیان‌و برایان لە برا جیادەکردەوە، هیچ حسابێکیان بۆ هاوڕێیەتی‌و خزمایەتی نەدەکرد، چارەنووسی هەریەکێکیان لەوێدا کۆتایی پێدەهات..).

ساڵی 1588 هۆڵەندییەکان دەستیان گرت بەسەر دورگەکەداو پورتوگالییەکانیان تێدا دەرکرد. ئیدی ناوەکەی کرا بە (گۆری)و بووە ناوەندێکی دیار بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤە رەشپێستەکانەوە، ئەم بازرگانییەش بازرگانییەکی پڕ قازانج بوو، پارەیەکی بێشوماری لێ دەستدەکەوت، بۆیە پاشا چاوچنۆکە ئەوروپییەکان لە پێناو دەستگرتن بەسەر دورگەکەدا کەوتنە هاڕینی یەکتر. پورتوگالییەکان جارێکیتر داگیریانکردەوە، پاش ئەوان فەرەنسییەکان، دواتر ئینگلیزەکان، ئیدی دەمێ ئەمان‌و دەمێ ئەوانیتر دەستیان بەسەردادەگرت، بەڵام هەموو ئەوانە هیچی لە چارەنووسی ئەفریقییەکان نەگۆڕی، پرۆسەی فرۆشتنیان‌و ناردنیان بۆ جیهانی نوێ‌و دورگەکانی زەریا بەردەوامبوو. ساڵی 1750یەکەم یاخیبوونی کۆیلەکانی دورگەی (گۆری) دژ بە بازرگانە فەرەنسییەکان ڕویدا، کۆیلەکان پلانی یاخیبونەکەیان بەم شێوەیە داڕشتبوو،150 کۆیلە بەسەر سێ کۆمەڵدا دابەشبوون، کۆمەڵەی یەکەمیان ئەرکی پەلاماردانی سەربازەکان‌و دەستگرتن بوو بەسەر چەکەکانیاندا، کۆمەڵەی دووەم ئەرکی دزینی ئەو (باروتە) بوو کە لەو ناوچەیەدا هەبوو، کۆمەڵەی سێیەم ئەرکی کوشتنی هەموو ئەو سپیپێستانە بوو کە لە گوندەکەدا دەیاندۆزینەوە.

جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە مانای وەرگرتنەوەی ئازادییەکەیانی دەگەیاند، بەڵام یەکێك لەو منداڵانەی لەگەڵیاندا بەندکرابوو، گوێی لە قسەکانی نێوان ئەو کۆیلانە دەبێ‌و قسەکان بۆ پاسەوانی زیندانەکە دەگێڕێتەوەو پلانەکە ئاشکرا دەبێت، هەردوو سەرۆکی یاخیبوونەکە هەوڵی ئەوەیان نەدا مەسەلەکە بشارنەوەو نکوڵی لێبکەن، بەڵکو ئەوان تەنها خەفەتیان بۆ ئەوە دەخوارد دەمرن‌و چەکێکیان دەستنەکەوت، سزاکەشیان ئەوە بوو هەردوکیان لەبەرچاوی کۆیلەکانی دیکەدا بە زیندوویی خرانە ناو لوولەی تۆپەکانەوەو پاشان تۆپەکان تەقێنران‌و لاشەی ئەوانیش پارچە پارچەبوون.

هۆکارەکانی بازرگانیکردن بە کۆیلەوە روونو ئاشکرایەو بریتییە لەوەی خاوەن کێڵگەکانی لۆکەو شەکرو توتنو قاوە لە ئەمریکا پێویستیان بە هێزی کاربوو، کەواتە پێویستە قوربانی بە ملیۆنەها ئەفریقی بدرێن بۆ ئەوەی سەروەتو سامانی ئەو خاوەن کێڵگانە زیادبکاتو لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکەیاندا لە ژیانێکی پڕ خۆشیدا بژین.

دانەر ئا بەم وشە سادەو ساکارانە گوزارشت لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی ئالیەتی ئەو جۆرە بازرگانییە دەکات کە بە (بازرگانی سێ لا)ناسراوبوو. بۆیە پێیدەوترا (سێ لا) چونکە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕی. قۆناغی یەکەم کەشتییەکان ئەوروپایان بەجێدەهێشت تاکو دەگەشتنە کەنارەکانی ئەفریقیا، پاشان لەوێوە دوای ئەوەی پڕدەکران لە کۆیلە، قۆناغی دووەم دەستییپێدەکردو کەشتیەکان بەرەو کیشوەری ئەمریکا دەکەوتنەڕێ، قۆناغی سێیەمیش گەڕانەوەی کەشتییەکان بوو لە ئەمریکاوە بۆ ئەوروپا. ئەم سێ قۆناغە لە جێهێشتنی ئەوروپاوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەوروپا ساڵو نیوێکی دەخایاند.

دانەر لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بازرگانە ئەوروپییەکان هەستیان بە هیچ جۆرە ئازارێکی ویژدانی نەکردووە، لە تێڕوانینی ئەو بازرگانانەدا، ئەوان، واتە بازرگانەکان (بە چالاکییەکی بازرگانیکردن هەڵدەستن، کە برێك مەترسیی تێدایە، وەك نقومبوونی هەر کەشتییەك لەو کەشتیانە مانای زەرەروزیانێکی مادی زۆری پێدەگەیاندن). ئەو عەقڵییەتە بازرگانییە تاکو هاتنی سەردەمی رۆشنگەری لە فەرەنساو لە سەدەی هەژدەهەمدا لەئارادا بوو. لەو سەردەمەدا (گومان) کەوتە عەقڵی هەندێ کەسەوەو ئەم جۆرە پرسیارانە هاتنەئاراوە: ئایا ئەوروپییەکان ئەو مافەیان هەیە مرۆڤەکان وەك ئەوەی تەنها کۆمەڵێ کەلوپەلی بازرگانی بن، مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن؟ ئەوەش پێش بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی 1789دا بوو.

دانەر لەم بارەیەوە بەشێك لە رۆمانی (کاندید)ی بەناوبانگ دەگێڕێتەوە، کە (ڤۆڵتێر)ی فەیلەسوف نووسیویەتی. کاندید کە هەم پاڵەوانی رۆمانەکەیەو هەم ناوی رۆمانەکەشە، سەفەر بۆ سۆرینامو گوبایای باشوری ئەمریکا دەکات. لەوێ ئەو پیاوە رەشانە دەبینێ کە دەستو زمانیان براوە، کاتێ سەبارەت بە هۆکاری ئەوە پرسیاریان لێدەکات، پێی دەڵێن: (ئەو دەمەی لە کارگەی دروستکردنی شەکر ئیش دەکەینو پەنجەیەکمان لەگەڵ دەستهاڕەکەدا لوول دەبێ (پەنجەیەکمان دەبێ بە دەستهاڕەکەوە) ئەوا دەستمان لێدەکەنەوە، کاتێکیش هەوڵدەدەین رابکەین، قاچمان دەبڕن. ئێستا تۆ بەم دوو مەسەلەیەت زانی. ئا بەم نرخە ئێوە لە ئەوروپا شەکر دەخۆن).

بەڵام کۆیلایەتی لەگەڵ هاتنە ئارای بازرگانیکردن بە کۆیلەوە لەدایك نەبووە، بەڵکو پێش هەزار ساڵ لەوەوبەر ئیمپیراتۆریەتی رۆمانی بەو کارە هەستاوە. لەو سەردەمەدا مرۆڤ بە کۆیلەیی لەدایك دەبوو، یان گەر لە جەنگدا دیل بکرایە ئەوا دەبووە کۆیلە، یاخود گەر نەیتوانییە قەرزەکانی بداتەوە ئەوا زۆر بەئاسانی دەبووە کۆیلە، هەروەها مەمالیکە رەشپێستەکانی ئەفریقا، پێش هاتنی سپیپێستەکان پراکتیزەی کۆیلایەتییان کردووە، بەڵام لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا سیفەتی مرۆڤبونیان لە کەسی کۆیلە دانەدەماڵی. ئەوە بازرگانیکردن بە کۆیلەوە لە ئەفریقاوەی ڕەشەوە بۆ ئەمریکا بوو، ئەو سیفەتەی لە کۆیلەکان داماڵی.

(مۆنتسیکیۆ)ی فەیلەسوف ساڵی 1748 لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (رۆحی یاساکان)، کە لە سەدەی رابردوودا رافع الطهطاوي وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی دەڵێ: (مەحاڵە ئێمە گریمانەی ئەوە بکەین ئەو مەخلوقاتانە -کۆیلەکان- بوونەوەری مرۆڤ ئاسابوون، چونکە ئێمە گەر ئەو گریمانەیە بکەین، ئەوا دەبێ لەو بڕوایەدابین کە ئێمە مەسیحی نین).

پیاوە سپیپێستەکان بەپێی زمانی ئەو سەردەمە (کۆیلە)یان بە کەسێکی بێ رۆح و بێ ویژدان لە قەڵەم دەداو پێیان وابووە کۆیلە تەنها بۆ ئەوە باشە تاڕادەی شەتەکبوون ئیشبکات. لەبەر ئەوە لێیدەدراو فەلاقەدەکراو دەفرۆشرا، پێوانەش بۆ ئەو سووکایەتیپێکردنە رەنگی پێست بوو. (هەرچەندە رەنگی پێست زیاتر رەش داگەڕابێ، ئەوا خاوەنەکەی لە سیفەتی ئاژەڵبوون زیاتر نزیکدەبووەوە!) وەك ئەوەی دانەر لە کتێبەکەیدا پێوانەی (ئاژەڵبوونی) لای بازرگانانی کۆیلەی ئەو سەردەمە دیاریکردووە.

دانەر لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەیدا، بە شێوازێکی فێرکاریو پەروەردەیی نایاب، پرۆسەی فرۆشتنی کۆیلە، کە لە دورگەی (گۆری)یەوەو لە هەموو ئەفریقاشدا دەستیپێکردبوو ڕاڤەدەکاتو لێکیدەداتەوە. لەوێدا باس لە کڕینی ئەو کۆیلانە دەکات کە لەسەر کەنارەکان لەلایەن بازرگانەکانەوە راستەوخۆ بەهۆی پارچە ئاسنێکی سوورەوەبووی سەر ئاگر (داخ دەکران)، بە شێوەیەکیش داخدەکران کە بەو هۆیەوە خاوەنەکانیان بیانناسنەوە. لەگەڵ هەر پرۆسەیەکی کڕینو فرۆشتنی تازەدا (داخکردنەکە)ش گۆڕانی بەسەردا دەهات. ئیدی ئەو کۆیلانە دەگەیشتنە دەست خاوەن کێڵگەکان کە زۆربەی کات لە رۆژانی یەکشەممماندا دەرۆشتن بۆ کڵێسا.

ئەم کتێبە چیرۆکی کۆیلایەتی بەبێ رتوشو بەبێ رقو کینەو لەپێناوی زانینی ئەو حاڵەتەدا دەگێڕێتەوە، وەك ئەوەی شاعیری مارتینکی بەناوبانگ وتویەتیو دانەر لێرەدا دەیگوێزێتەوە: (کۆیلەی کۆیلایەتی ئەو کەسەیە کە نایەوێ بزانێ).

نووسینی: جۆزێف ندیای

لە بڵاوکراوەکانی میشێل لافۆن-پاریس 2006

ژمارەی لاپەڕە: 137لاپەڕەی مامناوەندی

<u>سەرچاوە:</u> بیان الکتب 2006/9/4